# سڵاوێکی گەرمی کوردستانت لێبێت کاك عومەر فارس گیان

## مام زۆراب

**که ئەو هەواڵەی پشوو وەرگرتننتم خوێندەوە ، ئەگەرچی مافێکی زۆر سرووشتی خۆتە ، سەفەر بکەی ، گەشت بکەی، ......هتد**

**بەڵام لە لایەکی دیکەیشەوە ، باش دەزانم ، خەڵکێکی زۆری وڵاتەکەم ،چاوەڕێی زوو گەڕانەوەت دەکەن ، چونکە ، لە وڵاتێکدا هێشتا مافی مرۆڤ لە پراکتیکدا،هیچ بوونێکی بەرچاوی نییە ، لە وڵاتێکدا هێشتا رۆژنامەکانمان ناتوانن ئاوڕێك لە خەڵك بدەنەوە ، لە وڵاتێك هێشتاخودی رۆژنامەگەری راستەقینە گرفتێکی ترسناك بێت ،لە وڵاتێکدا هێشتا رۆژنامەنووسان و پەیامنێران و رۆژنامە نووسە بەرپرسە کورتە بنەکان، تەنها کار بۆ خۆیان و بۆ گیرفانیان و بۆ بەرپرسەکانی دیکە بکەن ، دەبێت پەنجەرەیەکی دیکە بکرێتەوە، هەناسەیەکی دیکە هەڵبمژرێ، شنەبایەکی دیکە هەڵبکات، ئەویشئەمڕۆ کوردستان نێتە، کە توانیویەتی بەشێك لەو ئازارانەی خەڵکی سووك بکات ، یان لە ئازارێکی تاڵەوە بیکات بە ئازارێکی شیرین.ئەم قسانەم بۆ خەڵکی ناو وڵاتەکەی خۆمە ، کە رۆژانە ئازار دەچێژن ، رۆژنامەنووسان زۆربەیان دیوە ناشیرینەکانی کۆمەڵگاکەمان وەکو خۆی ناگوێزنەوە، مکیاژی دەکەن ، بوختانی پێدا دەکەن.**

**من بەش بە حاڵی خۆم رۆژانە کوردستان نێت دەخوێنمەوە ، بۆیە دەزانم ئێش و ئازارەکان چەندە زۆرن ، بڕۆ سەفەرت خێر بێت ، بەڵام کە گەڕایتەوە ، چەند وێنەیەکی ئەو سەفەرەتمان بۆ بڵاو بکەوە ، بزانین کوردەکان لە کەنار دەریاکان چۆن دەژین ، چونکە ئێمە دەریامان نییە !!رووبارمان هەیە بەڵام بەفیڕۆ دەڕوات!!! بزانین لەگەڵ کچە رەشپێستەکاناچۆن گوزەر دەکەی ..دادەنیشی ،چونکە لە وڵاتی من کەس مەرحەبایەکی کچانی رەشپێست ناکەن ،چونکە ئەوان تەنها لە رووخساریاندا زهنییەتی کچەکە دەخوێننەوە. بزانین لەگەڵ کچە چاو شین و پرچ زەردو بەژن زراڤەکان چۆن پیاسە دەکەی؟وێنە دەگرن ،دۆڵدرمەیەك لە کافیتریایەکی مۆدێرن دەخۆن، کە ئەمانە لە وڵاتی مندا هێشتا فتوای لەسەرە!!.**

**زوو وەرەوە ، تا جارێکی دیکە تێهەڵچینەوە، ئێش و ئازارەکانمان کەم کەینەوە، بەرپرسەگەندەڵەکان توڕە بکەینەوە!سروودی نەمری بۆ کوردستانە وێرانەکەمان بڵێینەوە .**